# شەونم

هۆنراوەی (51)

نفس باد صبا مشک فشان خواهد شد

لە شنەی کاتی بەیان بۆنی گوڵان دێ دیسان
پیر جحێڵ دەبنەوە پێی ، رووحی رەوان دێ دیسان
سونبول و سوێسنەکەم شاد و شوکر دەستەملان
نەرگیسم بۆ گوڵی سوور چاوەڕوان دێ دیسان
لەو هەموو زوڵمە کە دیتوویە لە هیجران بولبول
تاکوو نێو باغی گوڵان هەر بە رووان دێ دیسان
گەر لە مزگەوتەوە بۆ مەیکەدە چووم مەیکە بە عەیب
لەو هەموو وەعزەیە ئینسان وە ئەمان دێ دیسان
کەیفی ئەورۆ گوڵەکەم بۆ دەخەیە سبحەینێ
زامنت کێ یە کە پێت وایە زەمان دێ دیسان
مانگی شابانێ مەدە مۆڵەتی مەی ، ئەو جامە
لێت ونە تا شەوی جێژنی رەمەزان دێ دیسان
هاودەمی گوڵ بە لە دەستی مەدە ئەو کات و هەلە
دێتە باغ و بەپەلە روو بە نەمان دێ دیسان
وەرە تا مەجلیسی خۆمانەیە تێی هەڵکە بە دەنگ
بەسە ئەو باسە فلان رۆیی فلان دێ دیسان
هاتنی حافزی بۆ خاتری تۆ بوو دەڕوا
وەرە بتبینێ هەتا وەرگری گیان دێ دیسان

**حافزی حەقیقی**